## کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆ لە رۆژی سێ شەممە بەرواری (٢٠٢٠/٦/٢) لەسەرڕینمایی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (٥٣٢٤) لە بەرواری (٢٠٢٠/٦/١) تایبەت بە هەڵسەنگاندنی کۆتایی خوێندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)

١. سەبارەت بە خوێندکارانی سیمستەری یەک پێویستە سەرۆک بەشەکان لە بەرواری (٢٠٢٠/٦/١) تا (٢٠٢٠/٦/٦) تێکڕای نمرەی وانەکانی سیمستەری یەک کە ڕێژەی لە (٦٠٪)ە وەربگرنەوە لە مامۆستایان و بیگۆڕن بۆ ڕێژەی (١٠٠٪)، ئەگەرخوێندکار دەرچوو بێت ئەوا داوای راپۆرتی لێناکرێت وە ئەو خوێندکارانەی کە دەرنەچوون ئەوە تێکڕای (٦٠٪) ئەژماردەکرێت وەک خۆی وە بۆ ڕێژەی (٤٠٪) ڕاپۆرتی پێ دەکرێت بە پێی ئەو بابەتانەی کە خوێندویەتی لە سیمستەری یەکدا و پاشان ڕێژەی (٦٠٪ + ٤٠٪= ١٠٠٪)ی بۆ ئەژمار دەکرێت وە ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو خوێندکارێک دەردەچێت. بەڵام ئەو خوێندکارانە کە دەرچوون و دەیانەوێت تێکڕای نمرەکەی بەرزتربکاتەوە ئەوا بەهەمان شێوەی خوێندکارە کەتووەکە بۆی ئەژمار دەکرێت وە لەم بارەدە ئەگەر بنمرەکەی کەمیکرد ئەوا بۆی نییە داوای ئەوە بکاتەوە کە ڕێژەی (٦٠٪)ی بۆ بگۆڕێتەوە بۆ (١٠٠٪).

٢. سەبارە بە خوێندنی سیمستەرەکانی (٢، ٤، ٦) کە لە (٢٠٢٠/٥/٢) دەستی پێکرد بە ئۆنلاین ئەوا دوادەخرێت بۆ ساڵی ئایندە (٢٠٢٠-٢٠٢١). سەبارەت بە سێکەند چانسی (Second Chance) سیمستەرەکانی (٣، ٤، ٥) ئەو وانانەی کە تاقیکردنەوەیان بۆ کراوە لە پێش کەرەنتین ئەوا پێویست دەکات لیژنەی تاقیکردنەوەی بۆلۆنا دەفتەری تاقیکردنەوەکان بگەیەننە مامۆستای وانەکە بۆ سەح کردنی، وە ئەو وانانەی کە تاقیکردنەوەی بۆ نەکراوە ئەوا خوێندکارەکە تێکڕای ڕێژەی (٦٠٪)هەیە پاشان بۆ ڕێژەی (٤٠٪) ئەوا ڕاپۆرتی پێدەکرێت لە لایەم مامۆستای وانەکەوە پاشان ڕاپۆرتەکە پێویستە نمرە و واژۆی مامۆستای وانەکەی لەسەربێت و پێشکەش بە لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت بە هاردکۆپی و سۆفت کۆپی. ئەگەر خوێندکار دەرنەچوو ئەوا بە کەوتوو ئەژمار دەکرێت ( لە پرۆسەی بۆلۆنیا ) بۆ ئەو سمستەرە.

٣. ئەو خوێندکارانەی سمستەری یەک کە یەکێک لەم نمرانەی نییە لە تێکڕای (٦٠٪) وەک

(Quiz, Assignment, Test, midterm) ئەگەر هاتوو بەڵگەیەکی یاساییان هەبوو بۆ ئەم مەبەستە وەک (راپۆرتی پزیشکی یان مردنی پلە یەک و....هتد ) دەکرێت بۆ ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنە مامۆستای وانەکە بەشێوەی ئۆنلاین هۆمۆرک (Online Homework) لە ماوەیەکی دیاری کراودا و لەڕێگەی (Google classroom) پرسیاری بۆ دیاری بکرێت و وەڵام بدرێتەوە لە لایەن خوێندکارەکەوە و پاشان نمرەکەی کۆبکرێتەوە لەگەڵ نمرەکانی تریدا بۆ ڕێژەی (٦٠٪) بەڵام بە پێچەوانەوە نمرەی سفری بۆ دادەنرێت لەو هەڵسەنگاندنەداو ئینجا بەهەمان ڕێنمایی خاڵی یەک نمرەکەی بۆ ئەژماردەکرێت.

٤. ئەو خوێندکارەی کە ئامادە نەبووە لە کلاس و وە هیچ نمرەیەکی نەبووە تا پێش(٢٠٢٠/٢/٢٥ ) و یان مۆڵەت بووە لەو سمستەرەدا ئەوا ئەو ڕێنماییانەی سەرەوە نایانگرێتەوە.

٥. ئەو خوێندکارانەی کە کریدیت (وانە)یان لێداواکراوە لە سمستەرەکانی پێش خۆی بەهەمان شێوازی ئاماژە پێکراو ڕێژەی (٦٠٪)ی نمرەکەی ئەو نمرەیە دەبێت کە کۆی کردۆتەوە و وە ڕێژەی (٤٠٪)ی نمرەکەی لەسەر ڕاپۆرت دەبێت.

٦. هەموو ئەو خوێندکارانەی کە سکیڵی ئینگلیزیان خوێندووە بەپێی ماوەی دیاری کراو ئەوا نمرەی سکیڵی پێشوویان دەبێت بە پێوەر بۆئەوەی بچنە سکیڵی دواتر (سمستەری پاییزە).

بەنیسبەت خوێندکارانی کلاسیک:

٧. ئەو خوێندکارانەی کە نمرەیان کۆکردۆتەوە و تاقیکردنەوەیان هەبووە بەردەوام بوون لە دەوامکردن لە کلاس تا پێش (٢٠٢٠/٢/٢٥ ) ئەوا دەبێت نمرەکەیان بگۆردرێت بۆ ١٠٠٪ ئەگەر خوێندکارێک دەرنەچوبوو ئەوا (٥٠٪ )ی نمرەکەیان لەسەر ڕاپۆرتەکە دەبێت و (٥٠٪ ) ی لەسەر نمرەی کۆکراوە دەبێت پێش گۆرینی بۆ (١٠٠٪ ).

٨. سەبارەت بە پرۆژەی خوێندکارانی قۆناغی ٤ی کلاسیک ئەوا بەهەمان شێوەی تەوەری دووەم – خاڵی ژمارە ٦ی ڕێنمایی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە هەڵسەگاندن و ئەژمارکردنی ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) جێبەجێ دەکرێت بەشێوەیەی کە نمرەکەی (٥٠٪) لای مامۆستای وانەبێت و (٥٠٪) لای مامۆستای هەڵسەنگێنەربێت.

٩. سەبارەت بەو خوێندکارانەی کە وانەی پەڕینەوە (عبور) یان هەیە ئەوا هەروەک لە تەوەری پێنجەم (ئەحکامە گشتییەکان) خاڵی ژمارە (١١) هاتووە هەڵسەنگاندنی خوێندکارەکە لەسەر ١٠٠ نمرە دەبێت و وە بەپێی خاڵی (١) هەمان تەوەر هەڵسەنگاندنەکە لەڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی زانستی یان پێدانی ئەرک (Assignment) وە یاخود هەرمیکانزمێکی تر کە ئەنجومەنی بەش بە گونجاوی دەزانێت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەروەک لە کوتایی خاڵی ٦ی هەمان تەوەر هاتووە کە دەڵێت خوێندکار نابێت هەڵسەنگاندن بەشێوەی زارەکی و ئۆنلاین ئەنجام بدات.

١٠. سەبارەت بەوخوێندکارانەی کە لە ٢ یان ٣ وانە کەوتوون و بریاردرا لە ئەنجومەنی زانکۆ کە لە ١٠٠ تاقیکردنەوە ئەنجام بدەن ئەوا بەهەمان شێوازی خاڵی ٩ دەبێت.

١١. سەبارەت بەو خوێندکارانەی کە پرۆسەی بینین و پیادەکردنیان (المشاهدة و التطبيق)یان هەبووە نمرەیان نییە ئەوا پێویستە خوێندکارەکە بابەتێک ئامادەبکات کە مامۆستای سەرپەرشتیار بۆی دیاری دەکات و پاشان بە ئۆنلاین بۆ مامۆستاکەی ڕوون بکاتەوە و مامۆستاکەش نمرەی بۆ دابنێت و بینێرێت بۆ سەرۆک بەشەکە.

**١٢. سەرپشککردنی خوێندکارانی دەرچوو بە ئەنجامەکانی تێرمی یەکەم بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکانی کۆتایی، وە لەکاتی بەشداریکردنیش ئەوا تێکڕای هەموو نمرەکانی بۆ ئەژمار دەکرێت واتە نمرەی پێشوو لەگەڵ نمرەی هەڵسەنگاندنەکەی، وە لەم بارەدا ئەگەر خوێندکارەکە نمرەکەی کەمی کرد ئەوا بۆی نییە جارێکی کە داوای ئەژمارکردنی ئەنجامی تێرمی یەکەم بکات.**